# بەرز و بەرێز بێ ٨ مارس، رۆژی جیهانی ژن

خەباتی ژنان بۆیەکسانی و بۆ رزگاری لە ستەمی جینسی و پیاوەزنی، بووەتە یەکێك لە بزووتنەوە گەورەکانی جیهانی ئەمڕۆ و، هەتا دێ زۆرتر پەرە دەگرێ. ئەم بزووتنەوەیە بەشێکی گرینگی بزووتنەوەی ئازادیخوازی و عەداڵەت خوازی ئینسانییە، کە بە میلیارد ئینسانی ژن، خۆیان و ئامانجیانی تێدا دەبیننەوە و هەر ئەم راستیەش بیرورا و زەینی زۆربەی خەڵکی بەرەو کێشەی ژن لە کۆمەڵگادا راکێشاوە و خەبات بۆ رزگاری ژن بووەتە رەوتێکی بە هێزی جیهانی.

لە ئێراندا، کۆماری ئیسلامی وەك رژیمێکی دژە ژن، لە ماوەی ٢٣ ساڵ دەسەڵاتداری خۆیدا دواکەوتووترین بیروبۆچوونی پیاوەزنانەی، دژ بە ژنان زیندوو کردۆتەوە و، بەوەشەوە نەوەستاوە و داب و نەریتی کۆنی هەزار و چوارسەد ساڵ لەوەپێشی کردووەتە قانوون . ئەم رژیمە لە هیچ جینایەت و دەست درێژییەك بۆ سەر مافی ژنان و بۆ کۆیلە کردنیان، دەستی نەپاراستووە. بە زۆر خستنیە ژێر چادر و مەقنەعە، گرووپی حیزوبوڵڵاهی هاندا کە ئەسیدیان بە سەروچاودا بکەن و لەبەر چاوی خەڵك لە مەیدان و شەقام، بەردەبارانیان کردن. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش ژنانی ئێرانی کۆڵیان نەداوە و لەم ساڵانەدا بوون بە هێزێکی گەورە بۆ دڕپێدانی شەوەزەنگی ئیستیبداد و ئێستاش هێزێکی گەورەن بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ئێراندا.

لە کوردستانیش، ژنان لە ژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی دا، باری رەنج وکۆیلەتی‌یان گرانتر بوو و سەرەڕای زۆر دیاردەی پێشکەوتووانە لە ناو شۆڕشی کوردستاندا، بۆ پاشەکشەکردن بە فەرهەنگی پیاوەزنی، بەڵام ئێستاش دەبینین کە کچ بە هۆی فشاری خانەوادە و براو باوکەوە، خۆی دەخنکێنێ، یان ژنان لەبەر زوڵم و زۆری مێرد وداب ونەریتی کۆن و بێ دەرەتانی، خۆیان دەسووتێنن. لە لایەکی‌ترەوە بە میلیۆن ژنی ئەم کوردستانە نارازی لەم وەزعە، تینووی ئازادی و رزگارین و لە هەر رەوتێکی پێشکەوتنخواز پشتیوانی دەکەن و لە دەورانی نوێی شۆڕشی کوردستان دەورێکی بەرچاویان لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا وەئەستۆ گرت.

بوونی ئەم راستیانە لە ئێران و کوردستان، ئەم حەقیقەتە دەسەلمێنن کە بزووتنەوەی ژنان بۆ رزگاری، بەشێکی جیانەکراوەیە لە رەوتی رادیکاڵ و خوازیاری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی.

بەرچاوترین لاوازیی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران وکوردستانیش، نەبوونی رێکخراوی سەربەخۆی ژنانە و، هەر بۆیە ئەرکی پێك هێنانی رێکخراوی ژنان و کاربۆکردنی، ئەرکێکی ئازادیخوازانە و شۆڕشگێڕانەی هەموو ژنان و پیاوان و رێکخراوە سیاسی‌یەکانە. کۆمەڵە تا ئێستا دژ بە داب و نەریتی کۆن لە مەڕ ستەم لە ژنان، خەباتی کردووە و لەوە دواش هەر ئاڵاهەڵگری

خەبات بۆ رزگاری ژن دەمینێتەوە وئەوە بە یەکێك لە بنەماکانی کار وتێکۆشانی خۆی دەزانێ و، باوەڕی قووڵی بەوە هەیە کە هیچ بزووتنەوەیەکی رادیکاڵ و ئازادیخوازانە بەبێ رزگاری ژنان لە ستەمی جینسی و بەشداری بەرینیان لە خەباتی جەماوەری و شۆڕشگێڕانەدا، سەرناکەوێ و بە ئامانج ناگات.

## ژنان و پیاوان! کرێکاران و زەحمەتکێشان!

خەبات بۆ یەکسانی و رزگاری ژنان، تەنیا ئەرکی ژنان نییە، بەڵکوو ئەرکی هەموو ژن وپیاو و هەر ئینسانێکی ئازادیخوازە. کۆمەڵە داواتان لێدەکات لە ناومال، لە شوێنی کار، لە مەدرەسە و لەناو کۆمەڵدا، دژ بە هەموو دیاردەکانی ستەم و ناحەقی لە ژنان، راوەستن و هێرش بەرنە سەر فەرهەنگ و بیری کۆنی پیاومەزنی و بە راشکاوی دیفاع بکەن لەئازادی ژن وبەرابەرییان، لەناومال و لە کۆمەڵگادا. ئەوە ئەرکێکی خەباتکارانەی دژ بە نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و دژ بە کۆماری ئیسلامییە، کە شان بە شانی یەکتر و بە هاوپشتی هەمووان دەتوانین بە سەرکەوتنی بگەیەنین.

## ژنان و کچانی کوردستان!

رۆژی ٨ی مارسی ئەمساڵ بکەنە سەرەتای خەباتێکی رێکخراو و نەپساوە بۆ وەدەست هێنانی مافە رەواکانتان، ریزەکانی کۆمەڵە پتەوکەن و وەرنە ناویەوە و بیکەنە سەنگەرێکی بە هێزتری دیفاع لە مافی ژنان، لە ئازادی و رزگاری ئینسان. ئیستا تەرازووی هێز لە نیوان بزووتنەوەی ئیعتیرازی و جەماوەری لە لایەك و، رژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەکیترەوە، بە قازانجی خەڵك گۆڕاوە و، داخوازی سینفی و دێموکراتیکی ژنان بۆ رێکخستن، پشتیوانی گەورەی جەماوەر بەرەو خۆی رادەکێشێ و، بزووتنەوەی ژنان چەند هەنگاو بەرەو پێش دەبات.

**کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**٧ مارس ٢٠٠٢ یا ١٦ رەشەمەی ١٣٨٠**